# ئەو دەمەی سکم بە نۆبەرەکەمەوە هەبوو

**دەقی : ژنە شاعیر / ئیسپێرانسا لویس برادا**

**و. لە ئیسپانییەوە : حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ**

1- **خاك ... ئەی هاوڕێم!**
**لە پێــناوی خۆماندایە ,**
**ئەم خاکە دەپارێزین**
**هەرگیز بۆ خاتری چ نادیارێك نییە**
**دەیپارێزین لە هەموو بارەشێك**
**لە خشڵ و لە ئاڵتوون ,**
**شووراکانی بۆ هەڵدەچنین**
**مادامەکێ خودانی تەندروستی و**
**لەشێکی پتەوین**
**بەو ئارەزوومەندییە ڕاشکاوەوەی**
**لە ناخماندایە**
**بە خۆڕاگرییەوە ،**
**دەشتوانین**
**ماتەمی و شیوەنی**
**لە پێناودا سازدەین**
***
**ئەو زەوییە ,**
**هەر ئەو خاکەیە , ئەی هاوڕێم**
**کە ڕۆژێ لەڕۆژان ,**
**من و تۆی بەیەك گەیاند**
**ئەو ڕۆژە هەرگیز لە یادەوەریمدایە**
**سلاوت لێ بێت ئەی خاك**
**سلاو لە فەرهەنگ و**
**لە بەیداخەکەت**
**پەیامە بێپایانەکەت**
**تاقە ڕوناهی و هێزێکە**
**بۆ هەنگاونانم**
**بە نێو ئەم جیهانە دەم بەئازارەدا ...**

**مەرگی نهێنی**

**ئازیز نووست ,**
**سێ شەوو سێ ڕۆژ**

نه كەس ,
نه هيچ وەخەبەری نەهێنا
نه مۆسيقا و ,
نه ڕاديۆ
نه دەرزی و نه ئاوێنه
....... وەخەبەريان نەهێنا !
تەنانەت ئەو ژان و ئازارەی
كه هەردەم هاودەمی بوو ,
لەو خەوە ڕاينەچڵەكاند !
وەنـەوزی تۆ , ئەی كۆرپەكەم !
ئەو دەمەی سكم به نۆبەرەكەمەوە هەبوو
بۆوەی له خەوێكی قوورسا نوغرۆ بم
وا ڕاهاتبووم :
لەسەر گژو گيا ڕابكشێم
ئەو دەمەش كه به خەمسارديیەوە
جەستەم به نێو توێی كەسك و سەوزيدا
پەرشدەكردەوە ,
دەنگێك : "
دەنگێكم له دوورەوە هاته بەر گوێ
دەنگی خيانەتزەدەيەك
نێو دڵی كۆرپەلەكەمی پێكا و
بەرەو شوێنێكی پەنهان ڕۆچوو ...."
شتێك
شتێكی ئەوتۆ
بەسەر پێست و گيانمەوە
دەخوولايەوە .....
بەرەو خۆر و بەرەو تيشكی ئاسۆ
هەروەكو باڵندەيەك فڕی.....
به پۆشاكێكی سووتێنەر و
ئاگرينەوە گەڕايەوە
لەو چركه ساتەدا :
ڕۆژگارەكان بێ كێماسی(*) ڕسكان ,
ڕسكان و بوونه هيچ ,
بوونه هيچ و عەددەم
تەنها وەنەوزی تۆ بوو ,
ئەی كۆرپەكەم
له نێو هەناوما جينگڵی دەدا ....!
(*) كێماسی :كەموكوڕی .

ژێدەری ئەم شيعرانەمان له :

نامیلکەی " سێ ڕۆژان / مەدرید / 1994 " ەوە وەرگرتووە

<u>سەرچاوە بە ئیسپانیی</u> :

Las Tres Dias / Esperanza Luis Brada / Madrid / 1994